# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی



یۆتۆبۆری2-7-2007:

# سیاسەتی دژی پەنابەری میوانی کوشت ،پۆلیسیش بە بێ دەنگی ناشتی

رۆژی 2-7 فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی-یۆتۆبۆری و رێکخراوی پەنابەرانی ئیرانی_ بێ سنور خۆپیشاندانێکی هێمانانەیان بردە بەردەم ناوەندی راگەیاندنی رۆژنامەی (گۆتن بۆرگ پۆستن)(GP) ،بەئامادەی زیاتر لە 100 کەس لەخەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆست ،وە هەروەها کەسو کاری (میوان عومەرگوڵی) دژ بەسیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی سویدی و کارەساتی دەڵتەزینی(میوان عومەر)ی28 ساڵ کەلە شاری یوتۆبۆری لەساحەی نێوان ئۆلیڤی و ڤاڵهالەبادت دوای چەند رۆژ بێ هەواڵ بەخۆلۆاسین کۆتای بەژیانی خۆی هینا .

خۆپیشاندەران بە درۆشمی (سیاسەتی نا ئینسانی گێرانەوەی پەنابەرانی کورد هەڵوەشینەوە،سیاسەتی دژی پەنابەری میوانی کوشت ،پۆلیسیش بە بێ دەنگی ناشتی ..،مافی پەنابەری مافی ئینسانە بە بەزمانی سویدی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بە وینەی (میوان عومەر) بەرز کرابووە ،رۆژنامەی سەرتاسەری(گۆتین بۆرگ پۆستین)بەکەسو کاری (میوان عومەر) و هەڵسورانی فیدراسیۆن چاوپێکەتنی ئەنجام دا.

شایەنی باسە لەم خۆپیشاندانەدا دەزگاکانی راگەیاندن بە خۆپیشاندەران چاوپێکەوتنیان کرد (زۆزان حسین)هەڵسوراوی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بە رادیۆی SVERG لەسەر ئەم کارەساتەو وە داخوازیەکانی خۆپیشاندەران چاوپێکەوتنی کرد ،هەروەها رادیۆی زایەڵە بە (هاورێ فاتح )بەرپرسی فیدراسیۆن لەیۆتۆبۆری چاوپێکەوتنی ئەنجام دا.

هاوکات خۆپێشاندەران بەرێپیوان بەرو شۆینی روودانی کارەساتی (میوان عومەر)بەرێکەوتن چەپکە گوڵی رێز لەخواستی ئبنسانی داوای پەنابەری میوان وە مۆم داگیرسا لە لایەن بەشدار بوان و کەسوکاری میوان، پاشان بەرپرسیارانی فیدراسیۆن و رێکخراوەکانی بەشدار لەسەر رێگا چارەی پێکەوەی وکاری هاوبەش ودەستخستنە نیو دەستی یەکتر بەپشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆستی سویدی ولەسەر تاسەری ئەوروپا بۆ بە شکست کێشانی سیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی سویدی و رێگایەکی تر دور لە پەنا بردن بۆ خۆکوژی بانگەواز کرد.

















---

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,**

**d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com**

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile:

07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083